## بەرەی ڕزگاری نیشتمانی لە سوریا

# بە بۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆز و لە دایکبوونی شکۆدار بەیاننامەیەك لە بەرەی رزگاری نیشتمانی لە سوریا بۆ رۆڵە وەفادارەکانی گەلەکەمان

هاونیشتمانیانی سەربەست و شەرەفمەند، هەموو ساڵێك هەر لە خۆشی دابن، هەموو ساڵێك سوریای خۆشەویست لە بەرزی و سەرفرازی و خۆشەویستی و ئاشتی دا بێت.

خوشك و برایانی هاونیشتمانی........

شەوگار دێت و دەڕوات و شەو لە دوای شەو قوڵی و فراوانی ئەو برینەمان بۆ دەردەکەوێت کە بنەماڵەی دەسەڵاتدار لە ڕستی نیشتمانی ، پەیوەندی عەرەبی و پایەی نێودەوڵەتی دروستیان کردووە، هەروەها قەبارەی ئەو ئازارانەی کە سە پاندوویانە بەسەر کەساسی منالا نمان لە بەیانی رۆژی جەژن، یاخود لەسەر خوانەی بەیانیان . پێش ئەمەش سە پاندوویانەتە سەر پێداویستیەکان لە نیشتەجێ بوون و تەندروستی و فێرکردن و کار، هەروەها بۆ سەر ئەو دەرمانەی کە نەخۆشیان دەڕەوێنێتەوە و جەستەیان پتەو دەکات بۆ ئەوەی توانای بەرگەگرتنی قورسایی پرۆژەی را پەڕینی نیشتمانی لە چوارچێوەی نەتەوەیەکی یەکگرتووی بەهێزیان هەبێت.

خوشك و برایانی هاونیشتمانی .......

با لەو بارە رامێنین کە یەکێتی نیشتمانی پێی گەیشتووە، لەسایەی نەبوونی دەرفەتی لێهاتوویی، ودانانی چینێکی مشەخۆر و سودمەندبوو بە دەرفەتی نیشتمانی لە پلەکانی بەرز و نزم، لە وەزارەت و دیپلۆماتکاری و دەستەکانی فێرکاری، تا دەگاتە پاداشتی کارکەرێکی کارگە، یاخود بەشە دارو ئاسنی دارتاش و ئاسنگەر و بەشە دانەوێڵەی جوتیار، تا دەگاتە نۆرەی هاونیشتمانیەکی بەردەم نانەواخانەکان بۆ ئەوەی بەشە نانی بۆ منالەکانی دەست بکەوێت.

ئایا ئەوانەی کە سوورن لەسەر خۆشکردنی ئاگری ڕق و کینەیی لە نێوان ڕۆڵەکانی یەك کۆمەڵگە بیر لە مانای دەست بەسەر داگرتنی نۆرەی هاوڵاتی بۆ وەرگرتنی ئەستورکە نانێ ناکەنەوە؟

ئایا بیر لە مانای ئەوە دەکەنەوە کە هەندێ ناوچە لە پارێزگاکان و شار و شارۆچکە و لادێیەکان بگۆڕن بۆ ناوچەی پلە دوو و پلە سێ بەو هۆکارانەی کە ناوەرۆکی سیاسەت قەدەغەیان دەکات؟ خەمخۆریمان بۆ

یەکێتی نیشتمانی دەبێ رابگەیەنین، شارانێك لەوێن چەندین کەڵە خوڵی تیادا خراوەتە سەر یەك وەك سزایەك بۆ دانیشتوانی لە بەرامبەر هەڵوێستی سیاسی و مێژووی نیشتمانییان.
ئایا ئەوانە بیر دەکەنەوە لە رەنگدانەوەکانی یاسای بێبەشکردن لە ئینتیما و مافەکان کە بەسەر سەدان هەزار لە برایانی کوردمان دەیسە پێنن، ئەوانەی کە لە خۆشی و ناخۆشی، لە رابردوو و لە ئێستا و لە باوەڕ و نیشتمان هاوبەشمانن؟ هەروەها راوەدوونان و گرتنی چالاکەکانیان و بێبەشکردن لە مافی هەڵبژاردنی تاکە ئاوازێکی ( شەجی ) بۆ سەر مۆبالەکانیان؟!
ئایا بیریان لە یاسای 1980/49 کردەوە؟ یان ئەو ڕوو وەرگێرانەیان لە مانەوەی دەیان هەزار کورد لە لیستی بێسەروشوونەکان سەر لە بەیانی ئەم جەژنە؟
ئایا پرسیاریان کردووە لە ژمارەی ئەو دایك و باوك و خێزان و منداڵان، ئەو خوشك و برایانەی کە چاوەڕوانی هەواڵێکی نادیار ئەکەن؟ ئایا سەرنجیاندا لە جوولەی پڕ لە گومانی باڵیۆزی ئێران و ئەو پاگەندەکارانەی کە بەناوی ئەو یاخود بە ناوی حکومەتەکەیەوە دەدوان لە شار و دێهاتەکان لە بزووتنەوەیەکی پڕوپاگەندەیی بێ بەها کردیان لە کاتێکدا کە ناوچەکە بە زامێکی گەنیوی تایفەگەری بێ وێنە قیژەی دێت و لە عێراق سەر دەبڕێ و هەڕەشە لە ئاسایش و یەکێتی لوبنان دەکات؟!
خوشك و برایانی هاونیشتمانی.......
ئێوە لە لایەن خۆتانەوە پرسیارتان لە خۆتان کردووە کە هۆیەکانی ئەو تەنگژە ئابووری و باری هەژاری و بێ بەشی و ئەو بێ کاریە چین؟! لە خۆتان پرسیوە کە چۆن دێوەزمەی گەندەڵی خێزانەکە دەرکەوت بۆ ئەوەی وڵات بگۆڕێ بە وڵاتی هەژاری و لاوازی؟ ئەندامانی ئەو خێزانە کە دەسەڵاتیان وەرگرت هیچیان نەبوو جگە لە مووچەکانیان ئیتر بە گەندەڵی لە ژێر چەتری سەرکوتکردن و زۆرداری سامانێکی زۆریان کۆ کردەوە.
خوشك و برایانی هاونیشتمانی........
سەرۆکی رژێم دروشمەکانی بەرگری و خۆراگری و رێگەگرتن بەرز دەکاتەوە لە کاتێکدا کە دەخزێتە نێو گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئیسرائیلیەکان لەسەر حیسابی جۆلان بەو بڕوایەی کە هاوکاری دەکەن لە مانەوەی رژێمەکەی و کردنەوەی دابڕانە نێودەوڵەتیەکەی.
زۆر روون و ئاشکرا بووە کە هیچ بەیەك گەیەنەرێك لە نێوان سەرۆکی ئەو رژێمە گەندەڵ و زۆردارە و گەل و نیشتمان نییە، سەرۆکی ئەو رژێمە سەرکوتکار و گەندەڵە چەندین تاوانی کوشتنی لە لوبنان ئەنجام داوە بۆ سڕینەوەی مەلەفەکانی گەندەڵی خۆیی و خێزان و یاوەرەکانیان و هێشتنەوەی دەسەڵاتیان بەسەر لوبنانی دراوسێ. پرسیارتان لە خۆتان کردووە هاونیشتمانیان بۆچی حزبوڵا و بزوتنەوەی ئەمەل لە لوبنان هاندران بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی ناوخۆیی کە رەنگدانەوەی هەبێ بۆ سەر سوریا و ناوچەکە؟

ئایا ئەمە بۆ ڕێگەگرتن لە پەسەندکردنی دادگایەکی نێودەوڵەتی نیە؟ ئایا وا دەزانیٚ کە ڕێگایەکی هەلاٚتنی لە حوکمی یاسا و دادوەری لەبەردەمە؟

بەرەی ڕزگاری نیشتمانی لە سوریا داوا لە لایەنە لوبنانیەکان دەکات کە پارێزگاری لە یەکێتی نیشتمانیان بکەن و نەبنە هۆو پێناوێك بۆ پارچەکردن، هەروەها داوا لە حیزبولاٚ دەکات کە مێژووی خەباتی لە شەقامەکانی بەیروت بە فیرۆ نەدات.

خوشك و برایانی هاونیشتمانی.......

پرسیارتان لە خۆتان کردووە کە ئەو هۆکارانە چین کە سوریا دەخاتە باسکەی بەرژەوەندیەکانی ئیران و دابران لە نەتەوەکەیدا ؟هەروەها هۆکارەکانی هەماهەنگی کردنی دەزگا هەواڵگریەکانی لە گەڵ دەزگا هەواڵگریەکانی ئێران لە عێراق بۆ خەستتر کردنی پێکدادانی خوێناوی مەزهەبی وەك ئامادەکاریەك بۆ دەست بەسەر داگرتنی عێراق لە لایەن ئێرانەوە؟

هەروەها ڕۆڵی لە لێکترازاندنی یەکێتی نیشتمانی فەلەستینی و زیاتر کردنی نەهامەتیەکانی گەلەکەی و بەم جۆرە بەستانەوەی ئەلقە ستراتیژیەکانی کە لە دەریای ناوەراستەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ناوەراستی ئاسیا؟

پرسیارتان لە خۆتان کردووە کە مەترسی تێوەگلاٚن بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندی و ئایندەی سوریا و ولاٚتانی دیکەی عەرەبی چەندە؟ ئەو ڕژێمە ولاٚت بەرەو هەڵدێر دەبات و بووە بە مەترسیدارترین هۆکار بۆ سەر ئاسایش و ئایندەی سوریاو ناوچەکە؟

خوشك و برایانی هاونیشتمانی.......

لە دەستپێکی چەژنە پیرۆزەکان ..مافی ئێوە و ئێمەیە کە بپرسین ئاخۆ ئەم ناژیریانە یەکێتی نیشتمانیمان بەرەو کویٚ دەبات؟ و ڕستی کۆمەلاٚیەتی و سیاسی دەگا بە کویٚ ؟ مافی خۆمانە بپرسین ئەو سیاسەتە بەرەو کوێمان دەبات کە پەتی قرتاندین لەگەڵ قولاٚیی عەرەبی و دراوسێیی عەرەبی و برایەتی عەرەبی. مافی خۆمانە بپرسین تا چ ئاستێك ئەسەدی بچووك لەزەت وەردەگرێت کاتێك سەرکردە عەرەبەکانی هاوتەمەنی باوکی کە زۆر لە باوەشیان گرت و سەبریان لەسەر گرت و زۆریش ئامۆژگاریان کرد ،بە نیوە پیاو ناویان دەبات.. با کێشەکانی زەوق و ڕەوشتی گشتی بخەینە لایەك کە ڕێزگرتنی گەورە بەسەر بچووکدا دەسە پێنیٚ، پرسیار دەکەین ئاخۆ تا چ ئاستێك ئەم جۆرە سەرۆکە هێزی ئەقلی ڕاستەقینەی تیایە.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، سیاسەتی سەرۆکیٚ( ڕاستگۆیی لە دەستداوە ) کە لە دیدی گەلێك کەسدا وەك( شوانە درۆزنەکە )یە وئیدی کەس متمانەی پێناکات، تا کوێمان دەبات؟ ئێمە لێرە گفتوگۆ لەسەر ڕاستی و چەوتی هەڵوێستەکان ناکەین ،گفتوگۆ لە سەر دروستی سیاسەت و کەم وکوڕیەکانی ناکەین، بەڵکو گفتوگۆ لەسەر ئەو ڕەنگدانەوە جیهانیە دەکەین کە سەرۆك بە خۆی داوە، بۆ ناوخۆیی و نیشتمانی،

ناکۆکی لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە وتاری بەش و دیمانە و چاوپێکەوتنەکانی دەری دەبڕێت، لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیش ئەو ئەزموونەی سەرکردەکانی جیهانی لە درۆ و کەڵەکە و بێ متمانەییەکەی وەریانگرتووە، بە جۆرێك کە ناچاربوو بە شێوازێکی زەلیلانەی پاڕانەوەی بینراودا بە سەر کردەکانی ئیسرائیل بڵێ( .. تاقیمان بکەنەوە.. )..

خوشك و برایانی هاونیشتمانی.......

سەرکردایەتی سیاسی یاری جامبازی و بازرگانان نیە، چارەنووسی گەلان و وڵاتان کاغەزێك نییە خاوەنی پەناگەیەکی بچووك قوماری پێ بکات، ئازادی هاوڵاتی و کەرامەت و رزق و پێداویستیە سەرەتایی و بنەمەکیەکانی ، و دڵنیایی کۆمەڵایەتی و ئابووری ، هەموو ئەمانە بەخشینێك نین نە لە سەرۆك و نە لە دەسەڵاتداران، ئەمانە بەشێکن لە مافە سەرەتاییەکان کە ئینتیمای هاوڵاتی بۆ وڵاتێکی ئازیز و خۆشەویستی وەك سوریا پێی دەبەخشێ.

خوشك و برایانی هاونیشتمانی.......

هەر جارێك ڕێگاکانتان لێ تەنگ بوو، یان پێویستی بە منداڵەکانتانی وەدا، ئەگەر بینیتان یەکێ مافە مرۆیی و مەدەنی و ئابووریەکەتان دەخوا، هەرجارێك بینیتان کە پلان دەوری وڵاتتان دەگرێ، یان دەستی پیستان بەدی کرد کە یاری پێدەکات، لەبیرتان بێ کە هۆی یەکەم لە هەموو ئەوانەدا ئەو خێزانە گەندەڵە و ئەو رژێمەیە کە سورە لەسەر سەرکوتکاری و گەندەڵی و دووبەرەکی، ئێمە درێژەماندا بە بێ دەنگبوون لە مافەکا نمان، دوو دڵ بووین لە دەربڕینی ووشەی راستی و حەق.. ڕاپەڕن ئێوەی رۆڵەکانی سەربەست و پاسەوانی وڵات.. راپەڕن بۆ فریاکەوتنی وڵاتەکەتان و بەرگری کردن لە ماف و قووتی ژیانی منداڵەکانتان و دەرفەتیان لە ئایندەیەکی گەش و ئازاد.

راپەڕن پارێزەرانی وڵات.. لەرۆژی لە دایکبوونی شکۆدار و قوربانی پیرۆز، سڵاو و میهرەبانی و خۆشەویستیتان لەسەر بێ.

**هەموو ساڵێك هەر لە خۆشی دا بن.**

**بەرەی رزگاری نیشتمانی لە سوریا**

**27/کانوونی یەکەمی/2006**